# هاوکێشەی نوێی هێز لە عێراق و لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان

**یاسین تەها**، خوێندکاری دکتۆرا لە مێژووی ئایین و ئایینزاکان، هەروەها شارەزا لە کاروباری عێراق

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق، هەڵکشان و داکشانی پێگە و کاریگەریی هێز و لایەنە بەشدارەکانییەتی، چ لەسەر ئاستی پەرلەمان و چ لە ئاستی حکوومەت و کاریگەریی سیاسی و چەکداری. ئەم شڵۆقی و بێسەروبەرییەیش لە پێنج خولی ڕابردوودا (2005_ 2022) بووەتە هۆی گۆڕینی ئینتیمای سیاسیی سەرۆکوەزیران و پۆستی وەزارەتە سیادی و جومگەیییەکان و، هاوکاتیش هەڵکشان و داکشانی ژمارەی کورسی و کاریگەریی لایەنەکان لە دروستکردنی بڕیار. ئەم شرۆڤەیە تیشك دەخاتە سەر دوا پێشهاتی لێکترازانە سیاسییە ناوخۆیییەکانی شیعە و نوێترین هەڵوێست لەگەڵ لایەنە سوننەکان و، هەوڵ دەدات دید و تێڕوانینی هەردوو لا بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان بخاتە ڕوو.

**دوو جەمسەرە کاریگەرەکەی شیعە: چوارچێوە و سەدرییەکان**

لە پاش کشانەوەی سەدر لە پەرلەمان لە ناوەڕاستی پار (2022)، خولی پێنجەمی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لە عێراق بۆ چوارچێوەی هەماهەنگی یەکلا بووەوە، کە چەترێکە بۆ کۆکردنەوەی گرنگترین هێز و لایەنە شیعەکانی دۆست و هاوپەیمان و شوێنکەوتەکانی ئێران. لە ماوەی 15 مانگیش لە هەژموونی چوارچێوەی شیعە و مانەوەی سەدرییەکان لە دەرەوەی خولی پێنجەم و دوورەپەرێزگرتنی موقتەدا سەدری ڕێبەری ڕەوتەکە لە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کۆتاییی ئەمساڵ (2023)؛ هێشتا ناوەندی سیاسیی شیعی هەر لە دڵەخورتێی ئەگەری گەڕانەوەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی سەدرییەکان یان بەریەککەوتنە توندەکانی سەدر و هێزە خاوەن چەکدارەکانی شیعەدا دەژی. ئەوەیشی ئەم ترس و نیگەرانییانە زیاتر دەکات، نەبوونی هیچ بەرچاوڕوونییەکە لەسەر پلان و بەرنامەی سەدر بۆ قۆناغی داهاتوو؛ تەنانەت لای سەرکردەکانی ڕەوتەکەیشی کە نایشارنەوە سەرەتا و کۆتاییی بڕیار، بەدەست سەدرە و ئەمان بێئاگان لەوەی چی دەکات.

سەدرییەکان کۆمەڵێك گرژی و ناکۆکییان لەگەڵ پێکهێنەرەکانی چوارچێوەی شیعە هەیە، بەتایبەت لەگەڵ مالیکی و عەسائیب و بە ڕێژەیەکیش لەگەڵ ڕەوتەکەی عەممار حەکیم، لە پاش هەڵبژاردنی 2021، کە ئەمانە کەمپینیان بۆ ڕاگرتنی سەدر دروست کرد؛ ئەویش ناوی نان "سێکوچکەی شووم"[1]. ئەم گرژییەیش لە کۆتاییەکانی ئابی 2022 بە شەڕێکی خوێناوی لە نێوان سەدرییەکان و گرووپەکانی چوارچێوەی شیعە لە ناوچەی سەوزی بەغدا کۆتایی هات و سەرەنجامیش سەدر بڕیاری دا بە کشاندنەوەی ڕەوتەکەی لە هەموو چالاکییەکی سیاسی و هەموو هێڵێکی تەماسی بەریەککەوتن، ئەویش لە دەرکەوتنێکی شپرزە و کتوپڕدا لە بەردەم کامێرای میدیاکان[2]. هەرچەندە سەدر زۆر پێداگریی کرد لەسەر دوورەپەرێزی و پاراستنی ئاشتی، بەڵام دوو مانگ بەر لە ئێستا جارێکی تر بەریەککەوتن و گرژیی ناوخۆیی کەوتەوە نێوان لایەنە شیعەکان؛ بەناوبانگترینیان لە تەممووزی ڕابردوودا، کاتێك سەدرییەکان

بارەگاکانی حزبی دەعوە و هەندێك لە هێزە چەکدارەکانی تری شیعەیان لە بەغدا و باشووری عێراق سووتاند، چونکە مالیکی و باڵە میدیاییەکانی دەستوپێوەندەکەی، تۆمەتبار کران بە بێڕێزیکردن بە مەرجەعی کۆچکردووی سەدرییەکان، محەمەد محەمەد سادق سەدری باوکی موقتەدا و دامەزرێنەری یەکەمی ڕەوتی سەدر لە ساڵانی نەوەدەکان[3]. ئەگەرچی گرژییەکانی سەدرییەکان و حزبی دەعوە بەخێرایی دامرکێنرانەوە، بەڵام نوێبوونەوە و سەرهەڵدانەوەیان ئەگەرێکی هەمیشە کراوەیە، چ لە نێوان سەدرییەکان و بەرەی مالیکی یان سەدر و عەسائیب و هێزەکانی تری شیعەی چوارچێوەی هەماهەنگی، بەتایبەت ئەگەر هەڵمەتی هەڵبژاردن بەبێ سەدرییەکان بەڕێوە بچێت. لە کاتێکدا خۆخواردنەوە و تووڕەیی زۆر لە بنکەی ڕەوتەکەدا هەیە دژ بە گۆشەگیربوونیان، ئەوەیشیان بیر نەچۆتەوە، پار بەدەستی باڵە چەکدارییەکانی چوارچێوەی شیعی، نزیکەی 30 کەسیان لێ کوژرا. چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستایش بەفەرمی یادی قوربانییەکانی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی پاری بەغدایان لە بەردەم پەرلەمان لە کەربەلا کردەوە[4]؛ ئەمە لە کاتێکدا لە هەڵچوونە کتوپڕەکەی پاردا موقتەدا سەدر جەختی کردەوە "بکوژ و کوژراوی ئەو خۆپیشاندانانە لە دۆزەخدان"[5]؛ بەڵام دیارە ئێستا کە دۆخەکە هێور بووەتەوە، سەدرییەکان بڕیاریان گۆڕیوە و کوژراوەکانی خۆیان پێ ستەملێکراوە و بەرامبەرەکانیان دەستدرێژیکار و خەتابار!

لە نوێترین پێشهاتی ئەو ناکۆکییانەی سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی، کۆمێنتێکی سەدرە بە دەستخەتی خۆی لەسەر سکاڵای کەسوکاری 28 ئەفسەری پاسەوانی بەردەم باڵیۆزخانەی سوید کە سزا دراون لەسەر بەجێنەهێنانی ئەرکی پاراستنی باڵەخانەکە، کە کەوتە بەر ڕقی سەدرییەکان لە چوارچێوەی کاردانەوە دژی سووتاندنی قورئان لە سوید. سەدر لە پەراوێزی سکاڵاکەدا حکوومەتی چوارچێوەی شیعەی، چوواندووە بە "حکوومەتی عەباسی" کە "هیچ دۆست و هاوەڵی قورئان نین، هیچ پەیوەندییشیان بە عەقیدەوە نییە."[6] ئەمەیش ئاماژەنمایەکی ڕوونە لەسەر هەڵکشانی کێرڤی ناکۆکییەکانی سەدر و چوارچێوە، لە سیاسییەوە بۆ دابڕانی عەقیدەیی؛ بەو مانایەیش دێت کە سەدر خۆی بە خاوەنی شەرعیی دەسەڵات دەزانێت لەسەر شێوازی عەلەوییە شیعەکان و، چوارچێوەی شیعەیشی پێ "عەباسی"یەکانە کە بە ناوی "ئالوبەیت"ەوە چوونە سەر دەسەڵات و لە عەلەوییەکان زەوتیان کرد. ئەمەیش دەرگەی کردووەتەوە بۆ ئەوەی هەندێك کەس گریمانی ئەوە بکەن سەدر پلانی ڕامالین و قڵپکردنەوەی دۆخەکەی هەیە و جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ بەشداری و شەراکەت لەگەڵ شیعەکان.

**دابەشبوونە ناوخۆییەکانی چوارچێوەی شیعی**

بەپێی دوا ئامار، 134 لیست بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان بۆ کۆتایی ئەمساڵ پەسەند کراون؛ 39 لەوانە هاوپەیمانێتین و 29 حزب و 66 پاڵێوراوی تاکیش بەشدارن؛ سەرجەم کاندیدە ڕکابەرەکانیش 6 هەزار کەسن[7]. لەناو ئەم قەرەباڵغی و جەنجاڵییەیشدا سەرەکیترین هێزە پێکهێنەرەکانی چوارچێوەی شیعی بەشدارن کە بریتین لە: دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتیی مالیکی، بەرەی هادی عامری، سەرۆکی بەدر، حیکمە بە سەرۆکایەتیی عەممار حەکیم، ئەلنەسر بە سەرۆکایەتیی عەبادی، عەسائیب بە سەرۆکایەتیی قەیس خەزعەلی، لەگەڵ کۆمەڵێکی تر هێزی شیعی لە چەشنی ئیرادەی حەنان فەتلاوی و لیستێکی ئەحمەد ئەسەدی سەرۆکی "جند الإمام"؛ سەرجەمیشیان بەفەرمی لە هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی 18ی کانوونی یەکەمی 2023 بەشدار دەبن.

هەرچەندە هێزە شیعەکان لە هەندێك پارێزگا بە یەك لیست و لە هەندێکی تر بەپەرتەوازەیی دەچنە ناو

پرۆسەی هەڵبژاردن، بەڵام ئەو چەترەی کۆیان دەکاتەوە- کە چوارچێوەی شیعییە- بڕیاری هەیە لە پاش هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، دیسانەوە هاوپەیمانی دروست بکاتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو[8]؛ بەمەیش بەسەر لێکەوتەکانی فرەلیستیی ئەم بەرە شیعییەدا زاڵ ببێت. بەڵام دابەشبوونەکانی بەر لە هەڵبژاردن ئاڵۆز و گەرمن و بەفەرمی 11 لیستی شیعییە لە 15 پارێزگا کە 50 حزب و ڕەوت و هێز لەخۆ دەگرێت؛ لە 10 پارێزگادا لیستەکەی مالیکی (دەوڵەتی یاسا) بەتەنیایە، لە باشووری عێراقیش دوو لیستی گەورە هەن؛ یەکێکیان تێکەڵ لەگەڵ چوارچێوەی شیعی و ئەوی تر فرەجۆرە[9].
بەهۆی ئەم دابەشبوونەی هەڵبژاردنەکانیشەوە، خەریکە تای هەڵبژاردن وردە وردە لە ناوخۆی چوارچێوەی شیعە گەرم دەبێت، بەتایبەت کە شەڕی گەورە بە دوو ئاراستەیە: یەکەمیان پەرینەوەی زۆر لە هێزە شیعەکان بۆ پارێزگا نوێیەکانی وەك ئەنبار و نەینەوا و دیالە و کەرکووك، دووەمیشیان پڕکردنەوەی بۆشاییی سەدر و بردنی میراتی کەنارگیرییە سیاسییەکەی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق. هەر لە چوارچێوەی ئەم ململانێیەیشدا لە دیالە بۆ نموونە، کە پارێزگای قاچاخچێتی و گرژیی تائیفی و "خاصرة لاکەلەکە" کەلەکەی ئەمنیی ئێرانە، قەیس خەزعەلی و بزووتنەوەکەی، عەسائیب وەك ڕکابەرێکی سەرەکیی ڕێکخراوی بەدری هادی عامری و فالح فەیازی سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی دەرکەوتووە کە هەردووکیان خەڵکی ئەم پارێزگایەن. بەم پێیەیش کێبرکێی گەرم لە نێوان هاوپەیمانیی عامری/ فەیاز (هاوپەیمانیی نبني) لەگەڵ بزووتنەوەی عەسائیب و وردە هێزەکانی هاوپەیمانی دەبن[10].

لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور چەند لیستێکی تری هەڵبژاردن کێبرکێ دەکەن لە چەشنی، "المنتصرون"ی کەتیبەکانی "سید الشهداء"، لیستی "الصدق والعطاء" بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد ئەلئەسەدی، وەزیری کار و فەرماندەی "کتائب جند الإمام" کە لیوای شەشەمن لە هێزەکانی حەشدی شەعبی، هەروەها بزووتنەوە سیاسییەکەی حەنان فەتلاوی بەشدارە بە ناوی "إرادة"[11]. بەم پێیەیش شێوەیەکی گشتیی ڕکابەرییەکانی قۆناغی داهاتووی شیعە لە نێوان چەند جەمسەرێك دەبێت لە چەشنی مالیکی _ خەزعەلی/ عامری _ خەزعەلی/ حەکیم _ عامری/ حەکیم _ خەزعەلی و، سەرجەمیشیان لەگەڵ ڕەوتی سەدردا لە ناکۆکی و ناجۆریدان. لەناو ئەم جەنجاڵییەیشدا یەکێك لەو کەرەستانەی کە سەرجەمیان هەناردەی کێشە ناوخۆییەکانی پێ دەکەن، مەسەلەی بوودجە و مووچە و چۆنێتیی مامەڵەکردنە لەگەڵ هەرێمی کوردستان. ئەوەیش بەڕوونی لە گوتاری سیاسیی هێزە شیعەکاندا دیارە کە جەخت لە بەشخوراویی پارێزگاکانی باشوور و ڕێگرتن لە گواستنەوەی داهاتی نەوت بۆ هەرێمی کوردستان دەکاتەوە؛ تەنانەت پاش ئەوەیشی کە هەناردەی نەوتی هەرێم ڕاگیراوە بەبێ ئەوەی چارەسەرێك بۆ دۆخەکە بخاتە ڕوو یان ئەم گوتارە بەرامبەر ئەو پارێزگایانەی تر بەکار بهێنێت کە بەرهەمی نەوتیان نییە وەك: ئەنبار یان دیالە بە نموونە.

**کێشە بۆماوەییەکانی هێزە شیعەکان و لایەنە سوننەکان**

کۆتا جار کە شیعەکان لەسەر زاری "محەمەد شیاع سوودانی"یەوە گفتیان دا پابەند بن بە مەرج و داخوازییەکانی لایەنە سوننەکان لە ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکوومەت، لە دیداری سوودانی و حەلبووسی بوو لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ڕابردوو[12]، بەڵام ئاماژەکان لەسەر ئەوەن جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە بەکردەیی و بەهێمنی بەرەو سڕکردن دەڕوات[13]؛ بەتایبەت کە یەکێك لە بڕگە سەرەکییەکانی ئەو داواکارییانە مەسەلەی لێبووردنی گشتییە بۆ زیندانییەکان کە زۆرینەیان هی ناوچە سوننەکانن بە تۆمەتی تیرۆر. یاساکەیش سەرباری ئەوەی بە فەرمانی سەرۆکوەزیران لیژنەی بۆ پێك هێنراوە، بەڵام هێشتا بڕیار

نەدراوە کێ دەگرێتەوە و، زۆر لە چاودێرانیش پێیان وایە دەکرێت بەئاسانی پرۆژەکە لە ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ بکرێتەوە و بە ئاراستەیەکی تر ببرێت لەژێر ناوی سووککردنی باری سەرشانی زیندانەکان کە کێشەی قەرەباڵغییان هەیە[14]. هەروەها زۆر لە هێزە شیعەکان نایشارنەوە بەنیازن گیراوەکانی ماددەی 4ی تیرۆر هەڵواردە بکەن لە لێبووردن کە زۆرینەیان لە ناوچە سوننەکانن. بۆ داواکارییەکانی تر کە ئاشکراکردنی چارەنووسی بێسەروشوێنەکان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە سوننە وێرانەکانی پاش جەنگە، لەگەڵ داواکارییەکانی تر، هێشتا هیچ هەنگاوی گەورەی بۆ نەنراوە.

لایەنە سەرەکی و فەرمییەکانی سوننە ناتوانن بایکۆتی پرۆسەی سیاسی بکەن یان لە حکوومەت بکشێنەوە، چونکە باوەڕێکی زاڵ هەیە کە "مەرجەعییەتی پێکهاتەی سوننە، دەسەڵاتە"؛ بەو مانایەی هێزێك لێی دوور بکەوێتەوە پەراوێز دەکەوێت. بەڵام لەسەر ئاستی ئەو هێزە سوننە نەیارانەی شیعە کە لە دۆخەکە سوودمەند نین یان لە دەسەڵاتدا نین، هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە خۆیان نمایش بکەن کە یەکێکیان بانگەشەی هەرێمی سەربەخۆیە، یان هەوڵی ترساندنی شیعەکان بەوەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا یەك دەگرن بۆ دروستکردنی هەرێمێکی یەکگرتوو. بۆ ئەم مەبەستەیش سەکۆ ئەلیکترۆنی و کەمپینیان لە سۆشیالمیدیا بەرپا کردووە و نەخشەسازی بۆ پرۆژەگەلێك دەکەن کە ژێرخان و زەمینەی جێبەجێبوونیان لە واقعدا نییە و زیاتر بۆ دروستکردنی گوشارە[15].

**مامەڵەی لایەنە شیعەکان لەگەڵ هەرێم**

جیاواز لە ویلایەتی دووەمی مالیکی کە گرژی و بەریەککەوتنی ئاشکرا لە نێوان هەرێم و بەغدا ناونیشانی سەرەکیی بوو، لە ئێستادا حکوومەتی سوودانی، کە هی چوارچێوەی شیعییە، لەسەر ئاستی فەرمی و میدیایی خۆی بەدوور دەگرێت لەوەی بکەوێتە سەنگەری ململانێی ئاشکرا لەگەڵ هەرێم. ئەوەیشی هاندەرە بۆ ئەم تەباییە ڕووکەشە، زیاتر لە دوو پاڵنەری سەرەکیدا دەردەکەوێت کە یەکێکیان هەوڵی پارێزگاریکردنە لە دەسکەوتەکانی چوارچێوەی شیعە و ئەزموونە حوکمڕانییە نوێیەکەی لەبەرچاوی دنیا، دووەمیشیان شلۆقیی پێگەی حکوومەتی چوارچێوەیە لە بەردەم تەحەددا ئابووری و داراییەکان (دۆلار بەتایبەتی) لەگەڵ مۆتەکە و تارماییی بەردەوامی سەدر. بەڵام لەسەر ئاستە کردارییەکە ئەوەی بۆ ئەم حکوومەتە ڕەخساوە لە ئیحتیواکردنی هەرێمی کوردستان و ئابوورییەکەی و کەڵکوەرگرتن لە کێشە کەڵەکەبووە ناوخۆییەکانی، بۆ هیچ کابینەیەکی پێشووتر بەبەردەوام دەستی نەداوە، بە کابینەی حەیدەر عەبادییشەوە کە لە 2017 کەرکووکی گێڕایەوە بۆ چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵ و بەسەر تەنگژە و قەیرانی ڕیفراندۆمدا زاڵ بوو. بەشێك لەو شانس و دەرفەتانەیشی بۆ ئەم حکوومەتە ڕەخساوە، لە ڕێگەی "دادگەی فیدراڵی"یەوە فەراهەم بووە و بەشەکەی تریشی پۆپۆلیزمی شیعی لەناو پەرلەمان یارمەتیدەرییەتی، بۆ نموونە لە کاتی گفتوگۆی بوودجەدا "هەڵۆکانی دارایی" و لە کاتی پێدانی قەرزدا "پەرلەمانتارانی ناوەڕاست و باشوور"[16]. هەرچەندە ئەمانەیش زۆرینەی پەرلەمانتاران نین، بەڵام ڕێژەیەك لە پاڵپشتیی جەماوەرییان هەیە و لەم نێوەیشدا هەندێك ڕاپرسیی سنووردار دەری دەخات کە، نزیکەی زیاتر لە 80%ی بەشداربووانی هاووڵاتیانی ناوەڕاست و باشوور، پێیان وایە هەرێمی کوردستان مافی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی نییە؛ هەروەها چیرۆکی کوردستان وەك جاران جێگەی سەرنجی هاووڵاتیانی ناوەڕاست و باشوور نییە و 38%یش لەگەڵ ئەوەدان هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوە[17]. هەندێك کەسایەتیی شیعەیش بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن بەغدا گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی و بیانیدا بکات بۆ وردبینیی خەرج و داهاتی هەرێم[18].

جگە لەو هۆکارانەی سەرەوەیش لێکترازانی ناوخۆیی هەرێم و کەڵەکەبوونی هەڵەکان بەبێ هەبوونی ئاسۆیەك بۆ چارەسەربوونیان، هاندەری حکوومەتی فیدراڵ و هێزە شیعەکانە گوشاری زیاتر لە هەرێمی کوردستان بکات. لە لایەکی تریشەوە هەناردەکردنی نەوت بۆ تورکیا عەیبەکانی ئابووریی بەرخۆری هەرێمی دەرخست و، ئێستا دەگوترێت قەوارەی هەرێمێك کە پشتئەستوور بوو بە نەوت، شلۆق و لەرزۆکە [19]، لە کاتێکدا ئەم ڕاستییە دەرهەق بە دەوڵەتی عێراقیش هەر هەمان شتە و ئەویش ئابوورییەکەی دەوروبەری 95%ی، بەپێی ڕاپۆرتە داراییە فەرمییەکان پشتئەستوورە بە نەوت.

لەناو پێکهێنەرەکانی حکوومەتی چوارچێوەی شیعەدا هێزە دێرینەکانی وەك دەعوە و بەدر و حیکمە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، خۆیان لە بەریەککەوتن لەگەڵ حکوومەتی هەرێم بەدوور دەگرن، بەڵام پەرلەمانتار و ئاستەکانی خوارەوەیان، لە ئیشی خۆیان بەردەوامن کە هەوڵی چەسپاندنی ناوەندگەراییی دارایی و کارگێڕی دەدەن و کۆدەنگیی نوێنەرەکانیشیان لە لیژنەی داراییی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر بڕگە و بابەتەکانی بوودجە ئاماژەنمایەکی ڕوونە. لە دەرەوەی حزبە سیاسییە دامەزرێنەرەکانی پرۆسەی سیاسی، هەندێك لە کادرە شیعە باڵاکان تا ئاستی سڕینەوەی ناوی کوردستان لە ئەدەبیاتی سیاسیدا دەڕۆن؛ بۆ نموونە باقر جەبر کە لە چوار کابینەی حکوومەتەکانی عێراقدا وەزیر بووە و سەرکردەیەکی پێشووی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییە، داوای چەسپاندنی زاراوەی "شمال الوطن" دەکات لە بری کوردستان[20]؛ کە ئەمەیش دووبارەکردنەوەی هەمان کەلتووری بەعسە.

بەم دواییانە هەندێك هێزی سیاسیی شیعەی نوێ هەڵکشاون، لەوانەیش: بزووتنەوەی عەسائیب بە سەرۆکایەتیی خەزعەلی. ئەم هێزە کە یەکێکە لە ڕاگرەکانی حکوومەتی سوودانی و بە وەزیری خوێندنی باڵا لە کابینەکەدا بەشدارە، نایشارێتەوە لەگەڵ "جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکوومەتی ناوەندییە کە پارێزگاری لە دەوڵەتی عێراق بکات"؛ هەروەها بانگەواز بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی نوێ دەکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان "لەسەر بنەمای پەیوەستبوون بە دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوو"[21]. مەترسیی ئەم گوتارە ناوەندگەراییەیش، هاوکاتبوونییەتی لەگەڵ بارودۆخێکی هەرێمایەتی کە تێیدا سەرچاوە ئەمریکییەکان ئاماژە بەوە دەکەن گرنگیدانی ئەمریکا بە عێراق پاشەکشەی کردووە بۆ نزمترین ئاست لەچاو کۆمەڵێك دۆسیەی تر لە ئۆکراینا و تایوان[22]؛ هەروەها لە کاتێکدایە کە ئێران لە هەڕەشەی بەردەوامە و، گوشار دەکات بۆ دوورخستنەوەی حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە سنوورەکانی عێراق و ئێران لەناو هەرێمی کوردستان، ئەگەر نا هێرش و پەلاماری سەربازی ئەنجام دەدات[23]. هەموو ئەمانەیش هاوکات لەگەڵ قەیرانی دارایی، بوونەتە ئەوەی هەرێم لە چوارچێوەی عێراقدا هیلاك و گەمارۆدراو دەرکەوێت، کە ئێستا بە شێوەیەکی کاتی و لە دۆخێکی دەگمەن و بێپێشینەدا لە ڕووی سیاسی و داراییشەوە جێگیرە، بەتایبەت کە نرخی نەوت لە هەڵکشانە.

### بژاردەکانی بەردەم هەرێم

سەرباری ئەوەی عێراق نەخۆش و کێشەدارە بەڵام وا دیارە لەژێر ناونیشانی "نە بووژانەوە نە ڕووخان" هەر بەردەوام دەبێت، چونکە ئەوە پێویستییەکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە. بۆ هەرێمی کوردستانیش لە ئێستادا هیچ بژاردەیەکی بەدیل بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق بەردەست نییە و هەموو کێشەکان لە بەغدا کەڵەکە بوون و هەموو ڕێگەکانی چارەسەریش هەر دەچنەوە بەغدا. ئەگەرچی هەرێمیش کارتی زۆری لەدەست داوە و لە ئێستادا لەژێر گوشاری گەمارۆ و لێکەوتەکانی کێشەی ناوخۆیی و خراپیی ئیدارەدانە،

بەڵام هێشتا هەندێك دەرفەتی کەمی ئەوەی هەیە بە کارکردن لەسەر دژیەکی و کەڵکوەرگرتن لە کێشە و لێکترازانە عیراقییەکان، هەندێك لە گوشارەکانی سەرشانی کەم بکاتەوە، ئەگەر ئامادەسازی بکات و هەندێك لە کێشەکانی ناوخۆی چارەسەر یان کپ بکاتەوە.

تێگەیشتن لە عێراقی پاش داعش ئاڵۆزترە و، نەخشەی هێز هاوشێوەی پاش 2003 نییە، بەتایبەت لەناو پێکهاتەی حوکمڕان؛ بۆیە سەرەتا تێگەیشتن و توێژینەوە و پاشان هەوڵی دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندیی نوێی پێویستە، بەتایبەت کە ئێستا هێز و دەموچاوی نوێ لەناو شیعە لە هەڵکشاندان لەسەر حیسابی کۆنەکان و، تا ئێستایش لە عێراقدا بەدیلێك بۆ هاوپەیمانێتیی کورد و شیعە نییە بۆ ڕاگرتنی دۆخەکە. بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر ناچارییە.

https://2u.pw/0RtBXce[1]

https://2u.pw/N8ualBh[2]

https://2u.pw/H3h2LLS[3]

https://2u.pw/lmFhvn0[4]

https://2u.pw/N8ualBh[5]

https://2u.pw/H5QM0Qs[6]

https://2u.pw/0f6vpI7[7]

https://2u.pw/RNCBNxH[8]

https://2u.pw/DelXlOm[9]

https://2u.pw/86FptPG[10]

https://2u.pw/86FptPG[11]

https://2u.pw/LPZHOae[12]

https://2u.pw/vubuYbf[13]

https://2u.pw/Ygln26o[14]

https://2u.pw/W184o0r[15]

https://2u.pw/G6D6zjh[16]

https://2u.pw/nOFULjd[17]

https://2u.pw/lvFJEHY[18]

https://2u.pw/RD2FXoh[19]

https://2u.pw/ATKomVV[20]

https://2u.pw/FGqJu2P[21]

https://2u.pw/C4DM1M8[22]

https://2u.pw/1WK9KvE[23]